دایکوباوک و تەندروستی منداڵ/ بنکەی تەندرووستی منداڵان

Sorani

بەگەرمی بەخێربییت بۆ سەردانیم

# سێ ساڵەی منداڵەکەت!



REGION JÄMTLAND HÄRJEDALEN

# سڵاو گەورەساڵ!

ئێوە لەسەردانی سێساڵەدا چاوتان بە پەرستارێک و دوکتۆرێک ئەکەوێت. هەروەک پێشوو، ئێمە بەدواداچوونی، تەندروستی و گەشەکردنی منداڵەکەتان ئەکەین. دوکتۆرەکە جاروبار سەیری ئەندامی زاوزێی کچ و کوڕ ئەکات و دەستی لێ ئەدات. ئێمە هەروەها تۆزێک پرسیاری زیاتر لەدەوری زمانی منداڵەکەت و چۆنێتی گەشەکردنی ئەکەین. وا حیسابکە کە سەردانەکە لانی کەم 30 خولەک ئەخایەنێت.

ئێمە لەگەڵ ئەمەدا فۆرمی پرسیارگەل ئەنێرین بۆ وەڵامدانەوە. پاشان تۆ فۆرمەکە لەگەڵ خۆتا بهێنە کە دێیت بۆ لای ئێمە. ئەوە تۆی دایک/ باوکیت کە زیاتر لەبارەی منداڵەکەتەوە ئەزانیت. و هەڵبەت لەکاتی سەردانەکەدا تۆ بۆت هەیە هەمو ئەو پرسیارانەی هەتە بیکەیت. لەوانە پرسیارگەل لەبارەی باوکودایکایەتیی، تەندروستی و گەشەکردنی منداڵەکە، خەو، خواردن، نەریتی چوونەتوالێت و تەندروستی خۆت وەک دایک یان باوک.

منداڵ پێوابوونیان ئەوەیە کە بزانن چی ڕوودەدات، وەروەک گەورەساڵەکان. تۆ ئەتوانیت منداڵەکەت بەیارمەتیی ئەم نامیلکەیە ئامادەبکەیت، ئەویش لەڕێگەی باسکردن لەسەر سەردانەکە و منداڵەکە بۆی هەیە لەوێ چی بکات.

تۆ/ئێوە هەروەها پێشکەشکاری سەردانی بنکەی تەندروستی منداڵانیشتان بۆ دێت، کاتێک کە منداڵەکەتان دەبێتە 4 و 5 ساڵان.




کۆدی کیو ئێر بخوێنەوە یاخود سەردانی جێی وێب بکە. لەوێ 1177.se/jamtland-harjedalen/barn ڕاستیی و ئامۆژگاریی لەبارەی تەندروستی منداڵەوە، گەشەکردن، مافگەل ، نەخۆشیەکان و چارەکارییەکان هەیە. زانیاریش هەیە لەبارەی باوکودایکایەتی.

# سڵاو منداڵ!

ئێستا کاتی سەردانی 3 سالانەتە لە بنکەی تەندروستی منداڵان. تۆ لەم سەردانەدا لەگەڵ دایکت، دایک و باوکت چاوت بە هەردووک پەرستار و دوکتۆر ئەکەوێت.

## تۆ لە کاتی سەردانەکەدا بۆت هەیە ئەمانە بکەیت:

تۆ بۆت هەیە خۆت بکێشیت و خۆت بپێویت، بۆ ئەوەی ببینین چەندت زیادکردوە لە چاو جاری پێشوو.



لەسەر بنی پێکانت هەڵبەزەوە و لەسەر
هەردووقاچەکانت پێکەوە هەڵبەزەوە



وێنەکردن



تۆپ هەڵدە



تەماشای وێنەگەل بکە



یاری بکە



یارییبازیەک وەرگرە






## دوکتۆرەکە پشکنینت بۆ ئەکات

گوێ لە دڵ و سییەکانت ئەگرێت



تەماشای ناو دەمت و ددانەکانت بکە



تەماشای ناو گوێکانت ئەکات



لەسەرخۆ هەست لە سکت ڕائەگرێت



دوکتۆرەکە جاروبار سەیری چووکت یان ئەندامی زاوزێت ئەکات و دەست لە کیسەی گونت ئەدات.



REGION JÄMTLAND HÄRJEDALEN

ئەگەر پرسیارگەلت پێش سەردانەکە هەیە، پەیوەندیی بە بنکەی تەندروستی منداڵانەوە بکە.

2023-11-17

ڕوونکردنەوەی مێتافوری و وێنەکان: یۆران ستراند، مۆستفۆتس Mostphots, Mostphots, Johnér och Scandinav mostfotsMostphots. وێنەکان تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی کەرسەکانە و هەمو ئەو کەسانەی لە وێنەکاندان مۆدێلن.